# ماڵ .. ئاوا

ئارام شوان

بۆ هاوڕێم (عومەر سەیدە)

مۆری ئەم دوڕوییە لەنێو چاوانمان نابێتەوە

ئێرە بەبێدەنگی نیوەڕۆیەك بسپێرە ..

خۆگەر ئاسمانێ هەیە لایتۆ

بایی سەد باڵ فڕین دەدەمێ ..

خاکو خۆڵی ئەم نیشتمانەش

لەزاکیرەی هاوڕێیەتیماندا هەڵدەگرم ..

بەڵام گۆڕی دایك بەکێ دەسپێری؟!!

غەریبی نیوەڕۆیەکی وڵاتو

خەوی بەرتریفەی ئەستێرەیەكو

سەرینی ڕەقی شۆستەیەك

دەدەیت بەکێ؟

هاوڕێم .. من ئولفەتم بەم تەنیاییەگرتووە

بۆیە هەمو ڕۆژێك بێدەنگی

دەم کات بەمایسترۆی ئەم کۆرسی غەمەو

ئیعازی ژەنینی نۆتەکانی گریانەدەم

تۆش غەریبیت شاد ..

دەستم لەکێلی ئەم گۆڕە نابێتەوەو

داوای دێڕێك لەوەسێتەکانی باوکمی لێدەکەم ..

تۆش بێدەنگ بنو ئەزیزم

نیشتمان لەوە بێدەرگاتر نابێت ..!!

ئاوی هەمو بارانەکان

بەریێتر نابن لەدڵۆپێ فرمێسك

بۆشۆردنەوەی کێلی گۆڕە بێکەسەکەی دایکت ..

بەڵام هەر سەفەرت شاد ..

پەنجەرەی ئەم مردنەشم لێدامەخە

ژیان قوفڵی دەرگام دەشکێنێت ..

دڵتەنگ مەبە بەم قەدەرە

خۆدەبوو ئەم جەنگەش بدۆڕێنم

کلیلی هەمو سەرکەوتنەکانیان لێسەندین ..

چوونەوە گیرفانە دڕاوەکەی باپیرم ..

ئیتر تفەنگەکانیشم ناردە بۆبەردەرگای منداڵیم

تا غوسڵی توڕەییان دەرکەن ..

لەم عەزابی گەورەبوونە ..

ئێستا ئاسەواری هەموو ئەو خاچانەش کۆدەکەمەوە

کەهەموو ڕۆژێك

هەزار جار لەئامێزیانە گرتم ..

ئاخر من نەم دەزانی

خەمی تۆ گەڕانە بۆ چرایەك

دەتەوێت خەونەکانی عاتیفەی لەبەردا تەئویل بکەیت

تا دەنگی پێکەنینەکانی من کاس نەکات ..

کەچی ژیان بایی شەوێك ڕوناکیت پێ نابەخشێت ..

بێدەنگ بنو تاگوێت لە درۆکانی ئێرە نەبێت ..

پیاوەکانی ئێرە

گیرفانەکانیان هەموو دڕاون

بایی هەڵگرتنی حەرفێك ئارامی شك نابەن ..

بۆیە من هەمو ئەو نامانە

دەدەمە دەست ڕەشەبایەك

کەلێیان نووسرابوو

" ماڵئاوا شار لانەی خەمم ..کێ دەزانێ دێمەوە لات"..

دواین دێرێ ئەم چیرۆکەشت بۆدەنووسم ..

تا لێرەمنداڵانی شار ئەز بەری بکەن ..

"دەڕۆم" ..

ئەمە دواین دێری ئەو پەپولەیە بوو

کەبەمەحزونی بەشاری وت:"ماڵ ئاوا"

من دەڕۆمو بست بەبستی ئەم نیشتمانە بەئێوە دەسپێرم ..

٢٠٠٦/٣/٢